# ئێران لەسەر لێواری گۆڕین یان گۆڕان؟

ڕێبوار کەریم وەلی

له سەرەتای مانگی ئایاردا بۆش لەسەر کەشتی فڕۆکە هەڵگری ئابراهام لینکۆڵن دەوە ڕووەو خەڵکی دنیا گوتی: ( هەر کەسێ بیەوێ له هەر شوێنێکی دنیاوە کردەوەیەکی دوژمنکارانە دژ بە ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ئەنجام بدات، ئەوا بە دژمنی ئێمە له قەڵەم دەدرێت و عەدالەتی ئەمریکا بە دوایەوە دەبێت.)

ئەمە پەیامێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ ئەوەی مەرج نییە لەمەودوا ئەو بیانوانەی بۆ لێدانی عێراق دەهێندرانەوە له لێدانی ولاتێکی دیکەدا هەمان بیانو یان هەمان پێوەر ڕەچاو بکرێن، واتا بچوکترین دژمنکاری گورزێکی کوشندەی بەدواوە دەبێت. بۆیە پێدەچوو دەستەلاتدارانی ئێران زۆر بەر لەمەش له هەقیقەت تێگەیشتبن و ڕەوشی گفتوگۆکانیان خێراتر کرد و دانیان بە هەبوونی دانوستانی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ئەمریکاییەکاندا نا. پرۆسەی دانوستانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کە تا ئەم چەند ڕۆژەی دوایی ئێران نکولی لێدەکرد و بە نهێنی ڕاگیرابوو، لە شەش ساڵ بەر لە ئێستاوە لە ئارا دایە. ئەمە لە لایەك و لەلایەکی دیکەشەوە باڵی تازە لەدایکبووی (موحسینی ڕەزایی) یش لە ئەسینا لە گەڵ ئیسرائیلیەکاندا لە پەیوەندیدانە. هەموو ئەو هەوڵانە له پێناو ئەوەدانە کە ئێران لە گورزێکی سەربازی دوور کەوێتەوە، بەلاٌم هەندێ ئاماژە و هێمای وا بەدی دەکرێن کە دەریدەخەن ئێران یەکێکە لەو هەدەفانەی کە سێرەی لێگیردراوە.

من لێرەدا هەندێ شت لەو بارەیەوە دەخەمەڕوو کە ڕاڤەکردنیان بۆ خوێنەر بەجێدێڵم تا بیسەلمێنم ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی ئینکاری هەبوونی هەر جۆرە بەرنامەیەك دەکات بۆ لێدانی ئێران، بەلاٌم له هەقیقەتدا دەستی هێشتا لەسەر پەلاپیتکەیە:

-بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، ئەمریکا لە مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقدا (کە ناویان لە لیستی تیرۆر دایە و بیرۆ و نوسینگەکانیان لە ئەمریکا داخراون) دوو فاقییەتی لە خۆی نیشان دا و، نەیویست لە بەرامبەر ئێراندا بێ کارت بمێنێتەوە. ئەو هەماهەنگییەی موجاهیدین لە گەڵ ئەمریکا لەخۆیان نیشانیانداوە، ئەگەر متمانەی پتری ئەمریکاییەکانی بەدواوە بێت، دەتوانێ زەمینەی کاری هاوبەشیش بڕەخسێنێ و وای لێبێت ڕەجەوی یان ئەو سەرکردایەتییە تازەیەی کە ئەمریکا بەسەر موجاهیدینیدا دەسەپێنێ وەك چەلەبی ببێ بە جێی متمانە و پشتگیریی ئەمریکا. مانەوەی ئەم هێزە زەنگی مەترسییە بۆ ئێران.

- هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانیەتیە ناوچەییەکانی ئێران لە بەرنامەی کاری ئەمریکا دایە و سەفەری خاتەمی بۆ لوبنان (بە تایبەت دەستبەجێ دوای سەردانەکەی پاوڵ) دەلالەت لەوە دەکات کە ئەمریکا بە نیازە ئێران بەرەو گۆشەگیریی سیاسی و دیپلۆماسی و دابڕینی لە سوریا، لوبنان وحیزبوللاٌ بەرێت. بە تایبەت کە ئێران بە یارمەتیدانی حیزبوللاٌ و گروپە توندڕەوەکانی دیکەی ڕۆژهەلاٌتی ناڤین تاوانبار کراوە. هەروەها دوور خستنەوەی پتری سعودیە و ئێران و، هەروەها ولاٌتانی ئەوروپا بەشێکە لەو پرۆگرامە.

-پەرەسەندنی وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێران و لێکدانەوەی ئەمە بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی. هەروەها تاوانبار کردنی ئێران بە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیای چەکە بالیستیکیەکانی.

-پەیوەندی لەگەڵ تیرۆر، کە ئەمە خاڵێکی یەکجار گرنگە و ئێستا ناوەندە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ئەمریکا خودی جۆرج بۆش ئیدعای ئەوە دەکەن ئەوان باندی گفتوگۆی سەرانی ئەلقاعیدە (سیف العادل، ئەیمەن زەواهیری و بن لادن) یان دەستکەوتووە کە لە ئێرانەوە لەگەڵ تیرۆریستان دواون و فرمانی کردەوە تیرۆریستیەکانی ئەم دواییەن پێداون و، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئێران لە تەقینەوەکەی ڕیاز بەبەرپرسیار زاندراوە. بەرپرسانی ئەمریکا بەگەڕانەوە بۆ لێدوانەکانی پێشوی سەرانی ئێران، وەکو ئایەتوللاٌ جەننەتی کە خوێنی ئەمریکاییەکانی حەلاٌل کردووە بەلگەی ئارستەکردنی کاری توندوتیژی لە ئێرانەوە دێننەوە.

-دوای تەقینەوەکانی ڕیاز، زەلمەی‌خەلیل زاد کە بۆ دانوستان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی نێردرابۆ ژنێڤ بانگکرایەوە بۆ کۆشکی‌سپی و بەم شێوە ئەو درزە بچوکەی هیواش داخرا.

-هەڵمەتی پروپاگەندە دژی دەستەڵاتی هەنوکەی ئێران و تەرخانکرانی ٥٠ ملیۆن دۆلار لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنیی فارسی زمانی ٢٤ سەعاتی، کە لە عەراق و ئەفغانستانەوە پەخشەکەی وا بەهێز دەکرێ کە پێویست ناکات خەڵکی ئێران بۆ وەرگرتنی شەپۆلەکانی سەتەلایت بەکار بێنن. هەروەها کردنەوەی سایتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەزمانی فارسی بە ناوی (پەردی زانیاری) بەشێکە لەو هەڵمەتە.

- سام براون، کە سیناتۆرێکی ئەمریکیە بەم دواییە پرۆژەی گۆڕینی رژێمی هەنوکەی ئێرانی بۆ رژێمێکی دیموکراتیکی ئامادە کردووە و خەریکە دەیخاتە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا، لە پرۆژەکەدا هاتووە کە ئێران و رژیمەکەی ئێستای دالدەی تیرۆریزم و تیرۆریستان دەدەن و ئەمە رێك پێچەوانەی بریاری ١٣٧٣ی ئەنجومەنی ئاسایشە کە دەڵێ نابێ هیچ ولاتێك دالدەی تیرۆر بدات و دەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵیدا هەموو جۆرە هاوکارییەك پێشکەش بکات.

-هەر چەند ئەمریکیەکان تەئکید دەکەنەوە کە بۆ گۆڕینی رژێمی ئێران یان چەککردن و هاوکاریپێکردنی رێگەی ئاشیخوازانە و هێمنانە دەگرنەبەر، بەلام کاربەدەستانی خوار پاوڵ ئەوە دەدرکێنن کە ٦ ساڵ گفتگۆ لەگەڵ باڵی میانەڕۆی رژیمی ئێران بە هیچ ئەنجامێك نەگەیشتووە.

- هەلومەرجی نێوخۆیی ئێران و راپۆرتە یەك لەدوای یەکەکانی رێکخراوەکانی چاودێری مافی مرۆڤ لەسەر هەبوونی پێشێلیی فراوانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ئەو خالانەن کە ئەمریکا رێفێرانسیان لێوەردەگرێت.

-نزیکبوونەوەی خاتەمی لە کۆتایی دەستەڵات و هەڕەشەی ئەندامانی مەجلیس شورا بەوەی کە لە گەڵ حکومەت بە تێکرایی دەست لەکار دەکێشنەوە ئەگەر دەستەلاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمیان پێنەبەخشرێت، دەتوانێ گەورەترین نائارامی بێنێتەکایەوە و زەمینەیەکی لەبار بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی بێنێتەکایەوە.

-نامەی پتر لە ١٧٢ ئەندامی پەرلەمانی ئێرانی بۆ رێبەری ئایینی ئێران بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا.

ئەوانەی سەرەوە مشتێك لە خەروارێکن کە ئێران بەو پێکهاتەیەی ئێستای دەخەنە بەردەم ئەمری واقیعی گۆڕان یان گۆڕین، ئەگەر دەستەلاتدارانی ئێران ریفراندۆمێکی ئازادانە بکەن ئەوا دوور نییە خەڵکی ئێران ئەم رژێمەی ئێستا رەفز بکەنەوە و داخوازیی رژێمێکی دیموکراتی بکەن و، ئەگەریش هەروا بچنە دووی، دوور نییە توندوتیژی نێوخۆیی و بێنوگریی ئەمریکا پتر بێت.

کامیان زووتر روودەدەن ئەوا بۆ مێژوو بەجێدەمێنێ. بەلام هەقیقەت ئەوەیە کە ئێرانیش لە سەر نەخشەی رێگایە و بۆ دووربوون لە ئاگر، دەستەلاتداری نوێ حیکمەتێکی زۆر قولتر لە خاتەمیی گەرەکە، ئایا ئێران ئەو خاتەمییەی هەیە؟

rebwar2001@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.